بەڕێز حەکیم پشتگیری کردنی حکومەتی سوودانی دووپات دەکاتەوە و داوای دروستکردنی سندوقێك بۆ هاوکاری بۆ ناوچە بێ بەشەکان دەکات

ammaralhakeem.com
ammaralhakeem.com

لەڕۆژی پێنجشەممە بەرواری 2022-12--22 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە کۆمەڵێك لە کەسایەتی دیار و بەهرەمەندی شاری موسەننا کەوت، لەم دیدارەدا دوای گوێگرتن لە بیروبۆچوونی ئامادەبووان بەڕێزیان ڕوونیکردەوە کە پێویستە تاقیکردنەوەکان و ڕکابەرییەکانی عێراق مافی ڕاستەقینەی پێبدرێت و لەگەڵ شوێنی دیکە بەراوردی پێ نەکرێت، ئاماژەشی کرد کە لەدوای ساڵی 2003 عێراق بە چەندین ڕکابەری و نیگەرانی سیاسی و و دیموکراتی و هاوسەنگی پێکهاتەکان تیپەڕ بووە، ئەو شتانەش ڕووبەڕووی هەموو سەرۆك وەزیرانێك بووەتەوە، هەروەها بەڕێوەبردنی جەماوەر و خواست و پێشبینییەکانی و بەڕێوەبردنی خواست و مەرامی هێزە سیاسییەکان و ئامادەبوونیان و بەشیان لە بەڕێوەبردنی داودەزگاکانی وڵات، لەگەڵ خوێندنەوەی هەموو ئەو ڕکابەریانەی ڕووی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە.

سەماحەتی پشتگیری و پاڵپشتی خۆی بۆ حکومەتی سوودانی دووپات کردەوە و ڕوونیکردەوە کە بنەماکانی سەرکەوتنی حکومەتەکەی بەهۆی بوونی پارە و سەقامگیری ئەمنی و پاڵپشتی نێودەوڵەتییەو پێگەی عێراقە لە بازاڕی وزەدا، هەروەها کەسایەتی سەرۆك وەزیرانیش کە چالاکە لە کارەکانی و چەندین وەزیری چالاك و باشیش لە کابینەی حکومەتەکەی هەن، هەورەها داوای کرد کە پلانی درێژ خایەنی پێنج ساڵی و 10ساڵی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێداویستییەکانی زیادبوونی دانیشتوان هەبێت و بە پێیوستی زانی لەکاری نەرێنی دووربکەونەوە و ئاگاداری پلانێك هەبن کە ئامانجی نەهێشتنی متمانەی خەڵکانی ناوچەی دیاری کراوە، لە کۆتایشدا سەماحەتی حەکیم بانگەشەی بۆ کردنەوەی سندوقێکی هاوکاری بۆ ناوچە بێ بەشەکان کرد.